Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service

TURVAPAIKKA-, MAAHANMUUTTO- JA KOTOUTTAMISRAHASTO
Euroopan unionin tuella

# ڕێنمایی بۆ لێدوانی پەنابەرێتی

بانگ کراویت بۆ لێدوانی پەنابەرێتی لە فەرمانگەی کۆچ. ئەم ڕێنماییە لەسەر ماف و ئەرکەکانتە لە لێدواندا و لەگەڵ نوێنەرەکەت پێداچوونەوەی لەسەر بکەن. ئەگەر پرسیارێکت هەبێت، دەتوانیت لە نوێنەرەکەت یان لە سەرەتای لێدوانەکەدا لە کارمەندی فەرمانگەی کۆچ پرسیار بکەیت.

## مەبەستی لە لێدوان چییە؟

- تۆ لە فینلەندا داوای پەنابەرێتیت کردووە. لە لێدوانەکەتدا لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوە دەکرێت کە بۆچی داوای مافی پەنابەرێتیت کردووە، هەروەها لەبەرچی ناتوانی بۆ وڵاتەکەی خۆت بگەڕێیتەوە.
- گرینگە کە هەموو ئەو هۆکارەکانەی کە بۆچی داواکاری پەنابەرێتی دەکەی لەم لێدوانەدا باس بکەی. لە پاش لێدوانەکەشدا ئەگەر هۆکاری نوێت بۆ درووست بوو، یان زانیاری و ڕوونکردنەەی نوێترت سەبارەت بە بابەتەکانی پەیوەندیدار بە داواکارییەکەتەوە هەبێ دەستەوبەجێ بە فەرمانگەی کۆچیان ڕابگەیەنە، ئەگینا لە کاتی تاووتوێ کرانی سکاڵاکەت لە دادگا دا ئاراستەیان ئەوەیان بکە.

## مافەکانت لە لێدواندا چین؟

- نوێنەرەکەت بۆ لێدوان لەگەڵت دێت.
- مافت هەیە لە لێدوانەکەدا پارێزەر لەگەڵت بێ.
- لە لێدوانەکەدا وەرگێڕی زارەکی بەکار دەهێنرێت کە بە زمانەکەی تۆ قسە دەکات. کاری وەرگێڕی زارەکی ئەوەیە کە بە بێلایەنی هەموو قسەکان وەرگێڕێ. وەرگێڕی زارەکی دەتوانێت لەوێ ئامادە بێت یان لەسەر تەلەفۆن یان بە ڕێگای ڤیدیۆ بێت.
- لێپرسکەر و وەرگێڕی زارەکی و پارێزەر ئەرکی پاراستنی نهێنییان لەسەر شانە، بەم واتایە کە ئەوان ناتوانن ئەو قسانەی لە لێدوانەکەدا بیستوویانە لای هیچ کەسێکی دەرەکی بدرکێنن، تەنانەت لای ئەندامانی خێزانەکەی تۆش. بەڵگەنامەکانی سەبارەت بە بابەتەکەی تۆ بە نهێنی دەپارێزرێن.
- فەرمانگەی کۆچ دەتوانێ بە دوای بەخێوکەری تۆ دا بگەڕێ، واتە پرسیار بۆ شوێنونیشانیاندا بکا. لە ڕاستیدا مەبەست لە بەخێوکەر ئەو کەسەیە کە لە وڵاتی خۆتدا ئاگای لێتبووە. بۆ مەبەستی بە شوێنداکەوتن، تەنها ئەوەندەی بۆ ئەم کارە پێویست دەکات، زانیارییەکانت بەکار دەهێنرێن. بە شوێنونیشانداکەوتن لە لایەن فەرمانگەی کۆچەوە بە شێوەیێکی ئەوها دەکرێت کە نەبێتە دژواری و زەرەر لە تۆ یان کەسوکارت.

## ئەرکەکانت لە لێدواندا چین؟

- لەسەر تۆ ئەرکە باس و ڕوونکردنەوە لەسەر ئەوە بدەیت کە بۆچی داوای پەنابەرێتی دەکەیت. لە لێدوانەکەدا باسی هەموو هۆکارەکانت بۆ پەنابەرێتی بکە.
- لە بەرژەوەندی خۆتدایە هەروەها باسی بابەتی قورسیش بکەیت. لەوانەیە هەر ئەو بابەتە دژوارانە لەسەر چۆنییەتی بڕیاری بۆ داواکارییەکەت چارەساز بن.
- ڕاستگۆ بە. ئەگەر شتێک نەزانی یان لە بیرت نەبێت، لە خۆتەوە قسە درووست مەکە. بڵێ کە نازانم یان لە بیرم نیە.
- لە لێدوانەکەتدا ناو و کاتی لەدایکبوونت ڕاست بڵێ. ئەگەر لە دواییدا ویستت زانیارییەکانی ناسنامەییت بگۆڕی، بۆئەم مەبەستە دەبێ پاسەپۆرت یان بەڵگەنامەیەکی ناسنامەیی دیکەی فەرمی و یاسایی نیشان بدەی.
- (بۆ ئەو کەسانەی لە ١٥ ساڵ زیاترن) بە گوێرەی یاسا ئاراستە کردنی زانیاری ناسنامەیی چەوت بە تاوان دەژمێردرێ و ئەم کارەش سزای بە دواوە دەبێ.
- سەرنج بدە، دانی زانیارییەکانی ناسنامەیی چەوت یان شاردنەوەی زانیاری درووست لەوانەیە لە دواییدا ببێتە هۆی هەڵوەشانەوەی مافی مانەوەی پێدراو ، هەروەها درووست بوونی کۆسپ لەسەر تاووتوێ کرانی داواکارییەکانی دیکەت دا.

## چۆن باشە خۆت بۆ لێدوان ئامادە بکەیت؟

- بەر لە لێدوان دەگەڵ نوێنەرەکەت پێداچوونەوە بەو ڕێنمایی و ناملیکەکانەوەدا بکەن کە لە لایان کارگێڕانەوەی پێتدراون. هەروەها گرینگە هەموو ڕێنمایی و زانیارییەکانی دابەشکراو لەسەر ڕێ‌وشوێنی ناسراو بە فەرماننامەی دابلین بخوێنییەوە. ئەگەر تۆ تا ئێستاش ئەم ناملیکانەت دەست نەکەوتوون، لەم ناونیشانەوە سەردانی وێبپەڕی فەرمانگەی کۆچ بکە: migri.fi/esitteet-ja-julkaisut. بە دوای ئەویش دا کە لاپەڕەکە کرایەوە کرتە بکە لەسەر ئەم بابەتە Turvapaikka ja Dublin-menettely و لەوێدا زانیارییەکان دەدۆزییەوە.
- ئەگەر بتهەوێ وەرگێڕی زارەکییەکە ژن یان پیاو بێ، هەر چی خێراتر بەر لە لێدوانەکەت ئەوە بە نوێنەرەکەت بڵێ و نوێنەرەکەشت خواستەکەت بە فەرمانگەی کۆچ ڕادەگەیەنێ.
- ئەگەر بواری تەندورستیت ئەوها بێت کە کارتێکردنی لەسەر لێدوانەکەت دەبێت، باسی ئەوە بۆ نوێنەرەکەت یان بۆ کارمەندەکانی ناوەندی پێشوازیکردن لە پەناخواز بکە.
- ناوەندی پێشوازیکردن لە پەناخواز گەیشتنت بۆ شوێنی لێدوانەکە مەیسەر دەکا، بەڵام پێشتر بەر لە لێدوانەکەت لەسەر چۆنییەتی ڕۆیشتنت بۆ ئەوێ لەگەڵ ڕێنماگەرەکان ساخ ببنەوە.
- لە ناوەندی پێشوازیکردن لە پەناخواز داوای نان یان پارەی بۆ نانخواردن بکە و لەگەڵ خۆتی بێنە.
- دەرمانەکانی کە بە ڕۆژ بۆت پێویست بێت لەگەڵ خۆت بێنە.
- هەموو بەڵگەنامەکان و شتەکانی دیکەی پەیوەندیدار بە بابەتەکەوە لەگەڵ خۆت بێنە.

## لە ڕۆژی لێدواندا لە فەرمانگەی کۆچ ئاوەها بکە

- لە فەرمانگەی کۆچ نوێنەر و پارێزەرەکەت دەبینی.
- کە دێیت بۆ فەرمانگەی کۆچ، لەوانەیە پشکنینی پاراستنت بۆ بکرێ.
- کارتی پێناسەی نیشتەجێی ناوەندی پێشوازیکردن لە پەناخواز پیشانی پاسەوانی فەرمانگەی کۆچ بدە.
- تەنیا کەسەکانی بانگکراو بۆ لێدوان و ئەو کەسانەش کە پێشتر فەرمانگەی کۆچ ڕێگای پێداون، دەتوانن بێنە ناو هۆڵی چاوەڕوانی.
- ئەگەر بتەوێت یارمەتیدەرێک لەگەڵت بێت، بەر لە کاتی لێدوان دەبێ یارمەتیدەرەکە خۆی داوای ڕێگا پێدانی لە فەرمانگەی کۆچ بکات. ئەگەر پێشتر ئەو داوای نەکردبێت، لێپرسکەرەکە بڕیار دەدات کە مافی ئامادەبوون بەوکەسە دەدات یان نا. یارمەتیدەر پارێزەر نیە و بەشداری لە ڕوونکردنەوەی بابەتەکاندا نابێ.
- لێپرسکەرەکەت کارمەندێکی فەرمانگەی کۆچە.
- لێپرسکەرەکەر خۆی بە دواتاندا دێت و تۆ و نوێنەر و پارێزەرەکەت لە هۆڵی چاوەڕوانی بانگ دەکات.
- دەنگی لێدوانەکەت تۆمار دەکرێت. لە ژوورەکەدا هەروەها کامێرای چاودێریی تۆمارکەر هەیە.
- لەوانەیە کە لێدوانەکەت تەواوی ڕۆژ بخایەتێت. لە ماوەی ڕۆژدا پشوودانێک بۆ نانخواردن و هەندێک پشوودانی دیکەش دەدرێن. تۆش هەردەم دەتوانیت داوای پشوودان بکەی.
- ئەگەر پێویست بکا لە ڕۆژێکی دیکەدا درێژە بە لێدوانەکەت دەدرێ کە بۆ ئەم مەبەستش پاش ماوەیەک کاتی چاوپێکەوتنی نوێت پێڕادەگەیەندرێ.

## له لێدواندا چی دەکرێت؟

- له سەرەتای لێدوانەکەدا لێپرسکەر پێت دەڵێت کە چی دەکرێت و مسۆگەر دەکات کە دەزانیت مافەکان و ئەرکەکانت چین. پرسیار بکە ئەگەر شتێک تێناگەیت. بڵێ ئەگەر لە وەرگێڕی زارەکی تێنەگەیشتی.
- ئەگەر پێشتر ناسنامەییت تاووتوێ نەکرابێ، لێپرسکەرەکە لەو بارەوە دەپرسێت. هەروەها پرسیار دەکات خێزانەکەت لە چەند کەس پێکهاتووە، لە کوێ ژیاویت و بە چ ڕێگایەکەوە بۆ فینلەندا هاتووی.
- دوای ئەمە هۆکارەکانی ڕاکردنت لە وڵاتەکەتەوە، هەروەها بۆچی ناتوانی بگەڕێیتەوە تاووتوێ دەکرێن. لەسەر هەمووی ئەو ڕووداوانەی کە بە سەر خۆت هاتوون ڕاستگۆیانە و ئەوەندەی دەتوانی بە وردەکارییەوە بدوێ.
- لێپرسکەرەکە هەندێک پرسیاری وردەکاریت لێدەکات لەسەر ئەو بابەتانەی کە باسیان دەکەیت. ڕاستگۆیانە وەڵام بدەوە. بڵێ ئەگەر شتێک نازانیت یان لە بیرت نەماوە.
- هەندێک پرسیار لە هەموو پەناخوازەکان دەکرێن. بۆ نموونە لێپرسکەرەکە لێت دەپرسێت کە بۆچوونت لەسەر ئەوە چیە ئەگەر لێرە دەرتبکەن و قەدەخەی هاتنەوە لەسەرت بسەپێنرێ.
- نوێنەر یان پارێزەر ناتوانن لە جیاتی تۆ وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە، بەڵکو لە ماوەی لێدواندا ئەوان دەتوانن ئامۆژگاریت بکەن و ئەو قسانەی پێشتر باست کردوون وەبیرت بێننەوە.
- لیپرسکەر ئەو قسانەی لە لێدوانەکەدا دەوترێن لە کۆمپیوتەردا وەک یاداشت دەنووسێتەوە کە پێی دەوترێ یاداشتانە یان کۆباس. لە کۆتاییدا وەرگێڕی زارەکی یاداشتنامەکەت بۆ دەخوێنێتەوە، کە ئەو کات گەر هەڵەت تێدا بەدی کرد دەنگ بکە. هەروەها دەتوانیت شتی نوێش لێی زیاد بکەیت. دوای ئەوە یاداشتنامەکە واژۆ دەکەیت و کۆپیەکی دەدرێت بە نوێنەرەکەت.

## فەرمانگەی کۆچ چۆن بڕیار دەدات؟

- بە گوێرەی داواکارییەکەی خۆت لەوانەیە مافی پەنابەرێتی یان مافی نیشتەجێبووبی بە هۆی مرۆڤی تاکەکەسی یان نیشتەجێبووبی بە هۆی بوون بە قوربانی بازرگانی مرۆڤ بە تۆ بدرێت.
- فەرمانگەی کۆچ لەسەر داواکارییەکەت بڕیارت بۆ دەردەکات، بڕیارەکە لەسەر بنەمای ئەو قسانەی خۆت دەبێ کە لە لێدوانی پەنابەرێتیدا باست کردوون و ئەو بەڵگەنامانەی کە ڕادەستی ئەم فەرمانگەیەت کردوون.
- فەرمانگەی کۆچ بۆی هەیە لە ڕێگای وڵاتی خۆتەوە لێکۆڵینەوە لەسەر ڕاستەقینە بوونی بەڵگەنامەکانت بکات. کاربەدەستانی وڵاتی خۆت ئاگاداری ئەم کارە نابنەوە و لێکۆڵینەوەکە نابێت بە مەترسی لەسەر تۆ یان کەسوکارت.
- ئەگەر بتەوێت دوای لێدوان زانیاری زیاتر بدەی، لە ڕێگای نوێنەرەکەتەوە بیانێرە. لەسەر بابەتەکەت ناکرێ بە تەلەفۆن قسە بکەین، چونکە ناتوانین دڵنیا بین کە تەلەفۆنکەرەکە کێیە.
- ئەگەر داوای پەنابەرێتییەکەت ڕەت بکرێت، دەکرێ تۆ لە فینلەند دەربکەین و هاتنەوەت بۆ فینلەند یان وڵاتانی دیکەی هاوپەیمانی شێنگێن قەدەخە بکرێت.
- بە دوای ئەوەی دا کە بڕیاری فەرمانگەی کۆچ لەسەر داواکاری پەنابەرێتی ئێستاکەت برەوی جێبەجێکردنی یاسایی پەیدا کرد، و تۆ هۆکارێکی نوێت بۆ پەنابەرێتی بۆ دێتە پێش، دەستەوبەجێ داواکارییەکی نوێ بۆ پەنابەرێتی بدەوە. تۆ دەبێ ڕوونکردنەوە لەسەر ئەوە بدەی کە بۆچی ئەم هۆکاری نوێت پێشتر نەهێنابووە گۆڕێ. لە ڕوونکردنەوەکەتدا دەبێ ئاشکرا بێ کە لە توانایی تۆدا نەبووە کاریگەریت لەسەری هەبێ. بە دوای ئەمەدا فەرمانگەی کۆچ بڕیار دەدا کە ئایا لێکۆڵینەوە لە سەر داواکارییە نوێیەکەت دەکا یان نا.